# کاریگەریی کۆمەڵگە زۆرەملێییەکان لەسەر گۆڕینی شێوەزاری کەرکووک

لانە عاصی سعدون

بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
lana.saadun@su.edu.krd

پ.ی.د. عاطف عبداللە فەرهادی

بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
atif.farhad@su.edu.krd

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر کاریگەریی کۆمەڵگە زۆرەملێییەکان لەسەر گۆڕانی شێوەزارەکان، بە نموونە شێوەزاری کەرکووکمان وەرگرتووە، چونکە پارێزگەی کەرکووک یەکێکە لەو شوێنانەی کوردستان کە بەشێوەیەکی فرەوان دانیشتوانەکەی لە سەردەمی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق توشی ڕاگواستن و وێرانکردن بووە، ئەم ڕاگواستنە بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێییەکانی ناوچەکانی تری کوردستان و عێراق بوەتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر زمانی ئاخاوتنی خەڵکەکە هەبێت و زۆرترین کاریگەریش لەلای منداڵان بەرچاو دەکەوێت.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر گۆڕانکاریەکان، بە بەراوردکردنی شێوەی ئاخاوتنی خەڵکی کەرکووک کە لە کەرکووک و دەوروبەری ماونەتەوە لەگەڵ ئەو کەرکووکیانەی توشی ڕاگواستن بوونەتەوە، بە نموونە کۆمەڵگەی دارەتومان وەرگرتوە، هەروەها لەبەر ئەوەی لە کەرکووک چەندان شێوەزار و شێوەئاخاوتنی جیای لێیە، ئێمە ناتوانین لە توێژینەوەیەکی وا هەموو شێوەزارەکان وەربگرین، بۆیە تەنیا شێوەی ئاخاوتنی ناوچەی (ساڵەیی)مان وەرگرتوە.

کلیلەوشە: کۆمەڵگەی زۆرەملێ، گۆڕانی زمان، شێوەزاری کەرکووک.

پێشەکی:

ئــەم توێژینەوەیــە بــە نــاوی (کاریگــەری کۆمەڵگــە زۆرەملێییــەکان لەســەر گۆڕینــی شــێوەزاری کەرکــووک) ە، هەوڵێکــە بــۆ خســتنە ڕووی کاریگــەری ئــەو کۆمەڵگــە زۆرەملێیانــەی کــە ڕژێمــی بەعــس دروســتی کــردون و بــە نموونــە شــێوەزاری کەرکووکمان وەرگرتــوە و تیایــدا بەراوردمــان لەنێــوان شــێوەی قســەکردنی ئەندامانــی هــۆزی ســاڵەیی کــردوە، ئەوانــەی لەکەرکــووک ماونەتــەوە لەگــەڵ ئەوانــەی ڕاگواســتراون بــۆ کۆمەڵگــەی دارەتــوو لــە هەولێــر، کــە شــێوەی قســەکردنیان ئــەم شــێوەزارەیە واتــە (شــێوەزاری کەرکــووک).

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

یەکێــک لــەو هۆکارانــەی وایــان کــرد ئــەم بابەتــە هەڵبژێریــن و توێژینــەوەی لەســەر بکەیــن، ئەوەیــە خێزانەکــەم ڕاگواســتراونەتەوە بــۆ کۆمەڵگــەی دارەتــوو، لەکاتــی هاموشــۆ و ســەردانیکردنی خــزم و کەســوکار ئەوانــەی لەکەرکــووک نیشــتەجێن هەســتمان بەجیــاوازی شــێوەی قســەکردنی نێوانمــان دەکــرد، بەتایبــەت منداڵــەکان، ئەوانــەی دارەتــوو شــێوەی قســەکردنیان پڕیەتــی لــە وشــە و دەســتەواژەی شــێوەزاری هەولێــر و ناوچەکانیــتری کوردســتان، بــە تایبــەت ئەوانــەی لــە کۆمەڵگــەی دارەتــوو هاوســێمانن.

ڕێبازی تویێژینەوەکە:

لــەم توێژینەوەیــەدا ڕێبــازی وەســفی شــیکاریمان بــەکار هێنــاوە، هەروەهــا لــە ڕێــی ڕاپرســی و کاری مەیدانیــەوە داتــاکان وەرگیــراون، پاشــان بەمەبەســتی شــیکردنەوەی داتــاکان ســودمان لــە بەرنامــەی ئێکســڵ وەرگرتــووە و ئەنجامــە بــە دەســتهاتووەکانیش بەشــێوەی هێڵــکاری خراونەتــە ڕوو.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئــەم توێژینەوەیــە، جگــە لــە پێشــەکی و ئەنجــام لــە دوو بــەش پێکهاتــووە:

بەشــی یەکــەم: ئەمانــە لەخــۆ دەگــرێ: کۆمەڵگــە زۆرەملێییــەکان، کۆمەڵگــە زۆرەملێییەکانــی پارێزگــەی هەولێــر، هەروەهــا بــاس لــە کۆمەڵگــەی دارەتــوو دەکەیــن.

بەشــی دووەم: تــەوەری یەکــەم: زمانــی کــوردی و زار و شــێوەزارەکانی، شــێوەزارەکانی ســنووری پارێزگــەی کەرکــووک، گۆڕانــی زمانــی.

تەوەری دووەم: شیکردنەوەی داتاکان.

بەشی یەکەم

١/١) کۆمەڵگە زۆرەملێییەکان:

ئــەو کۆمەڵگەیانــەن (ئــۆردوگا) کــە ڕژێمــی بەعــس بەمەبەســتی نیشــتەجێکردنی کــوردە ڕاگوێــزراوەکان دەســتی بــە دروســت کردنیــان کــرد، ڕژێمــی بەعــس ئــەو کۆمەڵگەیانــەی بــۆ لێکــترازان و بنبڕکردنــی کــورد دروســت کــرد، ڕژێمــی ئــەو کاتــەی عێــراق بــۆ ڕازیکــردن و جوانکردنــی لای خەڵــک ناویــان لــەو کۆمەڵگەیانــە نابــوو «گونــدی نــوێ» بــەڵام خەڵــک لەبــەر ئــەوەی بــەزۆری لــە زێــدی بــاو و باپیرانیــان ڕاگوێزرابــوون ناویــان لێنابــوو «کۆمەڵگــەی زۆرەملــێ» هەروەهــا زۆربەیــان لــە خــزم و کەســیان دابــڕان، بەهــۆی دابەشــکردنیان بەســەر کۆمەڵگــەکان، واتــە خەڵکــی چەنــد هۆزێکــی جیــاواز لــە کۆمەڵگەیــەک کۆدەکرانــەوە، لــە ئەنجامــدا چەنــدان دابوونەریــت و کولتــوور و شــێوەزار تێکــەڵ دەبــوون و کاریگەریــان لەســەر یەکــتر دروســت دەکــرد بــە تێپەڕبوونــی کات دابوونەریــت، کولتــوور و شــێوەزار گۆڕانــی بەســەردا دەهــات، جــا بــە ئــارەزوو بێــت یــان بــێ ئــاگاداری خۆیــان بێــت. (محەمــەد، ٢٠٠٣: ١٠٤).

٢/١) کۆمەڵگە زۆرەملێییەکانی پارێزگەی هەولێر:

لــە هەولێــر کۆمەڵگەیەکــی زۆر دروســتکران، وەکــوو کۆمەڵگەکانــی "قوشــتەپە (قــودس)، قوڵتەپــە (ســەدام)، ســێبیران، کانــی قرژاڵــە، هەنجیــرە، کەســنەزان، شــاوەیس، پیرزیــن، بەحرکــە، بەســتۆرە، حەریــر، دارەتــوو، کەورگۆســک، تۆبــزاوە، جدیــدە، خەبات،...هتــد)، ئــەم کۆمەڵگەیانــە ژمارەیەکــی زۆر لــە خەڵکــی گوندەکانــی (کەرکــووک، پشــدەر و سەنگەســەر و...هتــد.) لــێ نیشــتەجێکران. (مینــە، ١٩٩٩: ٢٠٠)، بــەڵام ئێمــە لێرەدا باســی کۆمەڵگــەی دارەتــوو دەکەیــن، لەبــەر ئــەوەی ڕاپرســیەکەمان لــەم کۆمەڵگەیــەدا ئەنجــام داوە.

١/٢/١) کۆمەڵگەی دارەتوو:

کۆمەڵگــەی دارەتــوو ســەر بــە پارێزگــەی هەولێــرە، دەکەوێتــە باشــووری ڕۆژهەڵاتــی هەولێــر، ئــەم کۆمەڵگەیــە ســنوورەکانی لــەلای باکــووری شــاری هەولێــرە، لــەلای ڕۆژهەڵاتــی قــەزای دەشــتی هەولێــر (بنەســڵاوە) و لــەلای باشــووری ناحیــەی قوشــتەپەیە، ڕووبەرەکــەی (١،٤٠٠،٠٠٠ م٢)ە.

ناوی ئەم کۆمەڵگەیە هەر لە گوندی دارەتووە وەرگیراوە، کە ئەم گوندە لە بیرێک و چەند دار تووێک پێکهاتبوو، بەڵام ڕژێمی بەعس ئەم گوندەی وێرانکرد و لە نزیکی گوندەکە کۆمەڵگەی دارەتووی لە (١٩٨٧/٣/٢٠) دروست کرد، بەمەبەستی نیشتەجێکردنی خەڵکە ڕاگوێزراوەکانی سنووری شاری کەرکووک و گوندەکانی دەوروبەری شاری کەرکووک و گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر و گوندەکانی قەڵادزێ و دەوروبەری.

ژمارەی ئەو خێزانانەی لەساڵی (١٩٨٩) لە کۆمەڵگەی دارەتوو نیشتەجێبوون نزیکەی (٣٦٠٠) خێزان و (٢٠,٠٠٠) کەس دەبوون، پاشان ئەم کۆمەڵگەیە پەرەی زۆری پێدرا و لە (٢٠٠٢/٦/٢٢) بە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە ناحیە، بە تێپەڕبوونی کات ژمارەی دانیشتوانی زیادی کرد لەساڵی (٢٠١٤) نزیکەی (٦٠,٠٠٠) کەس بووە و لە (٢٠٢٢) بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووە بە نزیکی (١٠٥,٤٤٩) کەس دەخەمڵێنرێ.

بەشی دووەم: تەوەرەی یەکەم

١/٢) زمانی کوردی و زار و شێوەزارەکانی:

هەر زمانێک لە زمانەکانی جیهان لە چەند زارێک پێکدێت، زمانی کوردیش لە چەند زارێک و هەر زارەش لە چەند شێوەزارێک پێکدێت، بۆیە لە کۆنەوە بایەخ بە دابەشکردنی زارەکانی زمانەکان دراوە، زمانی کوردیش وەک هەر یەک لەو زمانانە چەندان سەدە لەمەوبەر هەوڵدراوە بۆ دابەشکردنی زارەکانی، بێگومان بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە دابەشکردنەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو دابەشکردنانەی لەلایەن نوسەران و زمانەوانانەوە بۆ زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی کراوە زۆربەیان چوار زاری سەرەکیان لە زمانی کوردی دیاری کردووە، لەوانە (فوئاد حەمە خورشید، جەمال نەبەز و عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی،...هتد)*، هەر زارەش چەند شێوەزارێک دەگرێتە خۆ، بێگومان ئێمەش هەر ئەو ڕایەمان لا پەسەندە، کە چوار زاری (کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خواروو، گۆران و زازا).

٢/٢) شێوەزار و شێوەئاخاوتنەکانی سنووری پارێزگەی کەرکووک:

١/٢/٢) شێوەزاری کەرکووک: ئەم شێوەزارە شێوەی ئاخاوتنی گشتی شاری کەرکووکە و بەشێکی زۆری خەڵک بەکاری دێنن، ئەم شێوەزارە لەناوچەی شوان جگەلە ناوچەی شوانی کێشک و گوندەکانی شێوەزاری شێخ بزێنی ئەوەیتر هەمووی بە شێوەزاری کەرکووک قسە دەکەن کە نزیکەی (٥٠) گوند دەبێت، ئەم گوندانە بەشی زۆریان دەکەونە سنووری ناوچەی شوان و بەشێکیشیان دەکەونە قەرەهەنجیر، واتە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ناوچەی شوان و باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای قەرەهەنجیر دەگرێتەوە، ئەم بەشەش «شوانی سەرخاسە»یان پێ دەگوترێت.

لەناحیەی پردێ و دوبز جگە لە گوندەکانی شێخ بزێنی و بیبانی قسەی پێ دەکەن، واتە عەشیرەتی ساڵەیی تەنیا لە پردێ لە (١٩) گوند و لە دوبز لە (١٦) گوند نیشتەجێن، هەموویان بە شێوەزاری کەرکووکی قسە دەکەن.

لە قەرەهەنجیر و لەیلان و داقووق هۆزەکانی جەباری و تاڵەبانی نیشتەجێن کە شێوەی قسەکردنیان شێوەزاری کەرکووکە و بەشێکیتری گوندەکانیان کەوتۆتە ناو سنووری ئێستەی سلێمانی و دیالا و سەلاحەدین، هەروەها چەندان هۆزی تر هەن لە ناو کەرکووک وەکوو (دەلۆ، قەرەحەسەنی، بابان و پاڵانی و...هتد) شێوەی ئاخاوتنیان ئەم شێوەزارەیە، بەڵام پەرشوبڵاون بۆیە دیاریکردنی شوێنیان ئاسان نییە.

لەناو کەرکووک دیاریکردنی سنووری شێوەزارەکان کارێکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی شێوەزارەکان بە پەرتی دابەش بوون، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی پێ بکەین ئەو گەڕەکانەی بە شێوەزاری کەرکووکی قسە دەکەن پێک دێن لە: گەڕەکەکانی (شۆراو، ڕەحیماوا، ڕاپەڕین، ئیسکان، ئیمام قاسم، تەپە، عەرەفە، ئازادی و کوردستان و...هتد).

٢/٢/٢) شێوەزاری گەرمیانی: ئەم شێوەزارە بە شێوەیەکی گشتی تایبەتە بە ناوچەکانی (دووز خورماتوو،

کـەلار، کفـری) کـە ئێسـتە سـەر بـە پارێزگـەی کەرکـووک نیـن، ئـەم ناوچانـە ئێسـتە سـەر بـە پارێزگەکانـی (سلێمانی و سـەلاحەدین و دیالـە)ن، بـەڵام هۆزەکانـی (زەنگەنـە و شێخانی و داودە و جاف...هتـد) دابـەش بـوون هەندێـک لەگوندەکانیـان بـەر کەرکـووک کەوتـوون هەندێکیـان بـەر ناوچـەی گەرمیـان کەوتـوون، ئـەم گوندانـەش بـەر شاڵاوی ڕاگواسـتن کەوتـوون و دواتـر هەندێکیـان لەنـاو شـاری کەرکـووک نیشـتەجێبوون، ئەگەرچـی هۆزەکانـی تـر هەریەکـە و شـێوەئاخاوتنی خۆیـان هەیـە، بـەڵام بـۆ ئاسـان لێکـتر گەیشـتن زیاتـر شـێوە گشـتییەکە کـە گەرمیانییـە بـەکار دێنـن، ئەویـش لـە "نـاو کەرکـووک بەشـێوەیەکی گشـتی گەڕەکەکانـی «شـۆڕیجە، ڕەشـیدئاوا، لەتیفـاوە و حوڕیـە و...هتـد» دەگرێتـەوە." (ئەحمـەد، ٢٠١٥: ٩).

٣/٢/٢) شـێوەزاری هەولێـر: ئـەم شـێوەزارە شێوەزارێکی جیـاوازە لـە شێوەزاری کەرکـووک، شێوەزاری ناوچەکانـی پارێزگـەی هەولێـرە، بـەڵام لـە ئێسـتەدا لـە سـنووری پارێزگـەی کەرکـووک (ناحیـەی سـەرگەڕان) شـێوەزاری هەولێرییـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەم ناحیەیـە "پێشـتر وەکـوو گونـدی سـەرگەڕان سـەر بـە ناحییـەی کەندێنـاوە و کەندێنـاوەش سـەر بـە قـەزای مەخمـور و مەخموریـش سـەر بـە پاریـزگای هەولێـر بـوو، بـەڵام لەکاتێکـدا حکومەتـی بەعـس هەمـوو گونـدە کوردییەکانـی کەرکووکـی وێـران دەکـرد و دەیخسـتنە سـەر هەولێـر و سـلێمانی، ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە بەپێچەوانـەوە ناوچـەی سـەرگەڕان کـە ناوچەیەکـی کوردنشـین بـوو، لـە هەولێـر دابـڕی و خسـتییە سـەر کەرکـووک... ئەمـەش بەهـۆی بەپیتـی خاکەکـەی لـەڕووی نـەوت و کانـزا و کشـتوکاڵی دانەوێڵـە و بـە تایبەتـی هەبوونـی ڕێژەیەکـی زۆری نـەوت لـەم ناوچەیە"(شـوانی، ٢٠٢١: ١٧٤)، لەبـەر ئـەوە لەگـەڵ ئـەوەی سـەر بـە پارێزگـەی کەرکووکـە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی شـێوەی ئاخاوتنیـان هـەر هەولێریـە، لـە ناحیـەی سـەرگەڕان چەنـدان هـۆز کۆبوونەتـەوە، وەکـوو (سـیان، بامەنـدی، مامەسـێنی و شـێروانی و...هتـد).

٤/٢/٢) شـێوەئاخاوتنی شوانی کێشـک: ئـەم شـێوەیە شـێوەئاخاوتنی بەشـێکی گوندەکانـی هـۆزی شـوانە، چونکـە ئـەم شـێوەئاخاوتنە "زاری خەڵکێکـە لـە ناوچـەی شـوانی سـەر بـە پارێزگـەی کەرکـووک و جیـاوازە لـە زاری ناوچەکانـی کەرکـووک و تەنانـەت هـەر لـە ناوچـەی شـوان خـۆی زارێکـی تـری جیـاواز لـەم زارە هەیـە، کـە وەکـوو خەڵکـی کەرکـووک و سـلێمانی قسـە دەکـەن بـە جیاوازییەکـی زۆر کەمـەوە." (شـوانی، ٢٠٠٩: ١٢)، کـە ناحییـەی شـوان زۆربـەی زۆری هـۆزی شـوانی کـۆ کردووەتـەوە و دەکەوێتـە باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتـی پارێزگـەی کەرکـووک.

ئـەو گوندانـەی کـە بـەم شـێوەئاخاوتنە قسـە دەکـەن بریتیـن لـە (٣٠) گونـد، ئەوانیـش بریتیـن لـە: (خـدر شـیرین، ناروجـەی گـەورە، ناروجـەی ئەحمـەد ڕەجـەب، ناروجـەی حاجـی جەرجیـس، ناروجـەی حەمـە بلـە و سـمایل بەگـی و...هتـد)، ئـەم شـێوە ئاخاوتنـەش دەکەوێتـە ناوەنـد و ڕۆژئـاوای ناوچـەی شـوان.

هـۆزی شـوان لەبـەر ئـەوەی لـە لوڕسـتانی ئێـران هاتـوون، بۆیـە "زاری شـوانی کێشـک دەچێتـەوە سـەر زاری فەیلـی و خانەقیـن و لـوڕی سـەر بـە دیالێکتـی کرمانجـی باشـوورن، بۆیـە گومـان لـەوەدا نییـە کـەزاری شـوانی کێشـک دەچێتـەوە سـەر قسـەکردنی مەڵبەنـدی باشـووری زمانـی کـوردی" (شـوانی، ٢٠٠١: ٢٧٧).

٥/٢/٢) شـێوەئاخاوتنی کاکەیـی: ئـەم شـێوەئاخاوتنە یەکێکـە لـە شـێوەئاخاوتنە بەرفرەوانەکانـی شـاری کەرکـووک، بەشـێوەیەکی گشـتی مەرکەزەکەیـان ناوچـەی داقوقـە و دەکەوێتـە باشـووری شـاری کەرکـووک، ئـەم شـێوەئاخاوتنە لەلایـەن هـۆزی کاکەییـەوە بـەکار دەهێنرێـت و بـە زمانـی (ماچـۆ) نـاسراوە.

کاکەییـەکان هۆزێکـن "پابەنـدن بـە زمـان و دابوونەریتـی نـاو کاکەییـەوە، هـۆزی کاکەیـی هـەروەک دیـارە کۆمەڵـێ ڕێنسـیپ و دابوونەریتـی خۆیـان هەیـە کـە لەسـەری دەڕۆن و پێـڕەوی دەکـەن، هـەر تاکێکـی نـاو هۆزەکـە لـەو دەسـتوورە لانـادەن، زۆر بـە وردی پێـڕەوی زمانـی خۆیـان دەکـەن گـەورە و بچووکیـان

بـەم شـێوەئاخاوتنە قسـە دەکـەن" (حوسـێن، ٢٠٠٨: ٢٥)، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە "داب و دەسـتووری ئایینـی کاکەیـی (ئەهلـی هـەق) بـەم زارە بەڕێـوە دەچێت"(شـوانی، ٢٠٠٩: ٨٣)، واتـە ئاییـن هەمیشـە ڕۆڵـی بەرچـاو دەبینێـت لـە پاراسـتنی زمانـدا، کاکەیییەکانیـش زۆر بەباشـی ئـەم شـێوەئاخاوتنەی خۆیـان پاراسـتووە، زۆربـەی بەرهەمـە ئەدەبـی و ئایینییەکانیـان بـەم شـێوە ئاخاوتنـە نووسـیوە کـە زمانـی ماچۆیـە و سـەر بـە زاری گۆرانـە.

گوندەکانـی کاکەیییـەکان زۆربـەی هـەرە زۆری دەکەوێتـە ناحیـەی داقـووق کـە تورکمانـەکان پێـی دەڵێـن (تـاووغ)، گونـدەکان دەگاتـە نزیکـەی (٤٥) گونـد، بـەڵام کاکەیییـەکان تەنیـا لـەو گوندانـە نیشـتەجێنین، بەڵکـو دابەشـبوون بەنـاو گەڕەکەکانـی پارێزگـەی کەرکـووک، وەکـوو (غەڕناتـە، عروبـە، شـۆڕیجە، حـی ئەلنـەصر، حـی ئەلعەسـکەری، حـی ئەلئـەسرا، تـەل مەفقودیـن و ڕێگـەی بەغـدا و... هتـد).

٦/٢/٢) شـێوەئاخاوتنی زەنگەنـە: ئـەم شـێوەئاخاوتنە وەکـوو شـێوەئاخاوتنەکانیتر، شـێوەی قسـەکردنی هـۆزی زەنگەنەیـە، "شـێوە ئاخاوتنیـان زاری (ماچۆ)یـە و لقێکـە لـە (د. گـۆران)، بەشـێک لـەم هـۆزە، تـا ئێسـتەش پارێزگەریـان لـە شـێوە ئاخاوتنەکەیـان کـردووە، لەنـاو خۆیانـدا قسـەی پـێ دەکـەن، بەتایبـەت بـە تەمەنەکانیـان، بـەڵام نـەوەی نوێیـان ئـەم شـێوەئاخاوتنە بـەکار ناهێنن"*(عبدالرحمـن، ٢٠٢٢: ١٥).

ئـەم هـۆزە لـە ناحیـەی لەیـلان و ناحیـەی قـەرە هەنجیـر و ناحیـە تـازەش نیشـتەجێن و لـە نـاو شـاری کەرکـووک ناتوانیـن بڵێیـن گەڕەکێـک تەنیـا شـێوەزار یـان هۆزێکـی لـێ نیشـتەجێن، چونکـە هەمـوو شـێوەئاخاوتنەکان و هـۆزەکان بەنـاو گەرەکەکانـدا بڵاوبوونەتـەوە، بـەڵام ئەگـەر بەشـێوەیەکی گشـتی ئامـاژەی پـێ بکەیـن دەتوانیـن بڵێیـن لـە گەڕەکەکانـی (شـۆڕیجە، پەنجاعەلـی، ڕاپەڕیـن، ڕەحیـماوە، کوردسـتان، ڕزگاری، جنـگڵاوە و پریـادی و...هتـد) نیشـتەجێن.

٧/٢/٢) شـێوەئاخاوتنی ڕۆژبەیانـی: ئـەم شـێوەئاخاوتنە شێوەی ئاخاوتنـی هـۆزی ڕۆژبەیانیـە کـە بەشـێکی دیـارن لـە پێکهاتەکانـی نـاو کەرکـووک، کـە "شـێوەئاخاوتنەکەیان لقێکـە لـە زاری گـۆران، ئـەم هـۆزە لـە گەلێـک شـوێنی کوردسـتان بڵاوبوونەتـەوە، هـۆزی ڕۆژبەیانـی لـە ناوچـەی (بـن کـورە) لـە خانەقیـن و بەشـێکیان لـە ناوچـەی (مەخمـور) لـە هەولێـر و بەشـێکی تریـان لـە ناوچـەی (ناوکـوڕ) سـەر بـە قـەزای شـێخان لـە موصـل نیشـتەجێن"(ئەحمەد، ٢٠١٥: ٧)، ئـەم شێوەئاخاوتنە لەبـەر ئـەوەی سـەر بـە زاری گۆرانـە لەگـەڵ شـێوەئاخاوتنەکانی (کاکەیـی، زەنگەنـە و شـێخانی) خزمایەتـی هەیـە و لێـک نزیکـن.

ئـەم هـۆزە لـە سـنووری پارێزگـەی کەرکـووک بەشـێوەیەکی گشـتی لـە گوندەکانـی لیـلان و داقـوق نیشـتەجێبوون، کـە دەکەونـە باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی پارێزگـەی کەرکـووک و گونـدی فورقـان مەڵبەنـدی ئـەم هۆزەیـە و دەکەوێتـە ناوەنـدی لەیـلان، بێگومـان ئەمانیـش بێجگـە لـە گونـدەکان، لـە نـاو شـاری کەرکووکیـش نیشـتەجێن، ئەویـش لـە گەڕەکەکانـی (شـۆڕیجە، ڕزگاری، ڕاپەڕیـن، پەنجـا عەلـی، قادسـیە،...) نیشـتەجێن.

٨/٢/٢) شـێوەئاخاوتنی شـێخانی: ئـەم شـێوەئاخاوتنە بەشـێکی شـێوەزاری کەرکـووک پێـک دەهێنێـت، شـێوەی ئاخاوتنـی هـۆزی شـێخانییە ئـەم هـۆزەش یەکێکـن لـە هـۆزە گەورەکانـی کوردسـتان، ئـەم هـۆزە "شـێوەی ئاخاوتنیـان زاری ماچۆیـە، ڕۆنانـی ڕسـتەیان هـەروەک شـێوەئاخاوتنەکانی کاکەیـی و زەنگەنەیـە تەنیـا لـەڕووی واتـای وشـەوە یـان بڵێیـن جیـاوازی چەنـد وشـەیەک هەیـە لـە نێوانیـان، قسـە پێکەرانـی ئـەم شـێوەئاخاوتنە لەنـاو خێزانەکانیانـدا بـە شـێوەئاخاوتنی خۆیـان دەدوێـن، بـەڵام لـە دەرەوەی خێزانەکانیـان ئەوانـەی لـە شـۆڕیجەن بـە گەرمیانـی قسـە دەکـەن و ئەوانـەی لـە ئیسـکان و ئیـمام قاسـمن بـە زاری ناوەڕاسـت واتـە (کەرکووکـی) قسـە دەکەن"(حوسـێن، ٢٠٠٨: ٢٦)، واتـە بەپێـی ئـەو ناوچەیـەی تێیـدا دەژیـن شـێوەی ئاخاوتنیـان دەگـۆڕن.

گوندەکانیـان بـەزۆری دەکەونـە دەرەوەی سـنووری پارێزگـەی کەرکـووک، بـەڵام هەندێـک گوندیـان دەکەوێتـە ناحیـەی لەیـلان و ناوچـەی جەبـاری، بـەڵام شـێخانییەکانی

کەرکـــووک زۆربەیـــان لـــە نـــاو گەڕەکەکانـــی کەرکـــووک نیشـــتەجێن، بـــە تایبەتـــی پـــاش ئەنفـــال و ڕاگواســـتن، گەڕەکـــەکان بریتیـــن لـــە (شـــۆڕیجە، قادســـیە ١ و ٢، ڕەحیـماوە، پەنجاعەلـی، ئیسـکان، ئـازادی، ڕزگاری و ئیـمام قاسـم و...هتـد).

٩/٢/٢) شـێوەئاخاوتنی شـێخ بزێنـی: ئـەم شـێوەئاخاوتنە دەکەوێتـە باکـوور و باکووری ڕۆژهەڵاتـی شاری کەرکووک، شێوەئاخاوتنی هـۆزی شـێخ بزێنییـە، واتـە لەلایـەن هـۆزی شـێخ بزێنییـەوە بەکاردەهێنرێـت، ئـەم شـێوەئاخاوتنە جیـاوازە لـە شـێوەئاخاوتنەکانیتری نـاو کەرکـووک و، بەشـێکیان شـێوە ئاخاوتنیـان لـە شـێوە ئاخاوتنـی هەولێـر نزیکـە، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی ئـەو بـەری زێـی بچـووک شـێوەزاری هەولێرییـە و هاموشـۆی کۆمەڵایەتـی بەهێـز لەنێوانیـان هەیـە و بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی کاریگـەری لەسـەر شـێوازی ئاخاوتنیـان.

ئـــەم شـــێوەئاخاوتنە بەشـــێوەیەکی گشـــتی شـــوێنی دەکەوێتـە سـەر زێـی بچـووک، کـۆی گوندەکانـی دەکاتـە نزیکـــەی (٢٣) گونـــد، هەروەهـــا بەشـــی هـــەرەزۆری دەکەونـە باکـووری ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای ناوچـەی شـوان و سـاڵەیی لـە هـەردوو ناحیـەی (شـوان و پـردێ).

١٠/٢/٢) شـــێوەئاخاوتنی بیبانـــی: شـــوێنی ئـــەم شـێوەئاخاوتنە دەکەوێتـە باکـووری شـاری کەرکـووک و ڕۆژهەڵاتـی ناحییـەی پـردێ، کـە شـێوەئاخاوتنی هـۆزی بیبانیـە "بـەڵام پێدەچێـت پـەرش و بڵاوبێـت و یـەک دوو دێـی سـەر بـە پـردێ وەکـوو بیبانـی گـەورە و «بیبانـی بچـووک» دەگرێتـەوە و تاڕادەیـەک قسـەکردنیان لـە زاری شـوانی کێشکەوە نزیکـە و ئێسـتە شـوێنێکی سـەربازییە و خەڵکەکـەش پـەرش وبـڵاوە" (شـوانی، ٢٠٠٩: ٨٦)، خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە شـێوەی ئاخاوتنیـان لـە شـێوەی ئاخاوتنـی کەرکـووک جیـاوازی هەیـە و لـە شـوانی کێشـک نزیکـە ئەمیـش لەبـەر ئەوەیـە کـە دراوسـێن لەگـەڵ گوندەکانـی شـوانی کێشـک و سـنووریان بەیەکەوەیـە.

٣/٢) دابەشـبوونی شـێوەزارەکانی کەرکـووک لەپـاش ڕاگواسـتن:

کەرکـووک بەدرێژایـی مێـژوو لەلایـەن ناحەزانـی کـورد هەوڵـــی شـــێواندنی ســـنوورەکەی دراوە، بـــەم هۆیـــەوە لـــەڕووی ئیـــداری گۆڕانـــکاری گـــەورەی بەســـەرداهاتووە، ئـــەم گۆڕانکارییـــە تـــا حەفتاکانـــی ســـەدەی ڕابـــردوو بەردەوامبـوو، ئەوەتـا لەسـاڵی (١٩٧٦) حکومەتـی ئەوسـای عێـــراق چـــوار قـــەزای لـــە کەرکـــووک دابڕانـــد، بەمـــەش ڕووبـــەری کەرکـــووک لـــە (٢٠,٠٠٠)کـــم بـــۆ (١٠,٠٠٠)کـــم کەمیکـــرد، قەزاکانیشـــی بـــەم شـــێوەیە دابڕانـــد: قـــەزای چەمچەمـــاڵ و کـــەلار خرانـــە ســـەر پارێزگـــەی ســـلێمانی، قـــەزای کفـــری خرایـــە ســـەر دیـــالا، قـــەزای خورماتـــوو خرایەســـەر ســـەڵاحەدین/ تکریـــت.

کەرکـووک جگـە لـەو دابڕانانـەی بـە درێژایـی مێـژوو بەسـەریدا هاتـووە، چەنـدان جـار توشـی ڕاگواسـتن بـووە، گرینگترینـــان (٨٠)کان بـــوو، کـــە بەشـــی زۆری گوندەکانـــی گرتـــەوە، بـــۆ ئەمـــەش هەروەکـــوو لەپێشـــتر بەدرێـــژی باسـکراوە، چەنـدان کۆمەڵگـەی زۆرەملـێ دروسـتکرابوون، بەشـێوەیەکی گشـتی (٣) ناوەنـد هەبـوون بـۆ کۆکردنـەوەی گوندنشـینانی کەرکـووک، ئەوانیـش:

١- کۆمەڵگەکانـی هەولێـر وەکـوو (دارەتـوو، بنەسـڵاوە، تۆبـــزاوە و کەورگۆســـک و...هتـــد) خەڵکـــی گوندەکانـــی باکـووری کەرکوکـی تێـدا نیشـتەجێکران، کەواتـە شـوێنی شـــێوەزارەکانی کەرکـــووک گۆڕانـــکاری بەســـەردا هـــات و پەلـــی هاویشـــت بـــۆ پارێزگـــەی هەولێـــر، بۆنموونـــە شـــێوەزاری کەرکـــووک، کـــە شـــێوازی قســـەکردنی هـــۆزی ســـاڵەیی، لـــەک و شـــوانە، شـــێوەئاخاوتنی شـــوانی کێشـــک و شـــێوەئاخاوتنی شـــێخ بزێنـــی لـــەو کۆمەڵگەیانـــەی هەولێـــر نیشـــتەجێکران، بـــەڵام بێگومـــان لەبـــەر ئـــەوەی ئـەم شـێوەزارانە لـە شـوێنی ڕەسـەنی خۆیـان دابرێـنراون و لەگـەڵ شـێوەزاری هەولێـر تێکەڵاوبـوو و کەوتـە ژێـر کاریگـەری ئـەو شـێوەزارە.

٢- کۆمەڵگـەی شـۆڕش لـە چەمچەمـاڵ کـە خراوەتـە ســـەر پارێزگـــەی ســـلێمانی: ئـــەم کۆمەڵگەیـــە خەڵکـــی باشـــوور و ڕۆژهەڵاتـــی کەرکـــووک تێـــدا جێگیـــر کـــرا، واتـە ناحیـەی قەرەهەنجیـر و ناحیـەی لەیـلان و قـەزای داقـوق خەڵکەکـەی بەبـێ ویسـتی خۆیـان ڕاگوێـزران بـــۆ ئـــەم کۆمەڵگەیـــە، لـــەم شـــوێنانەش بەشـــێوەیەکی

گشـتی هـۆزی (ڕۆژبەیانـی، زەنگەنـە و شـێخانی و...هتـد) تێـدا نیشـتەجێن و هەریەکەیـان شـێوەئاخاوتنی تایبـەت بەخۆیـان هەیـە، بـەم پێیـە ئـەم شـێوەئاخاوتنانە پەلیـان هاوێشـت بـۆ پارێزگـەی سـلێمانی.

٣- کۆمەڵگـەی صمـود: ئـەم کۆمەڵگەیـە گوندنیشـینانی خورماتـوو و نەوجـول، کفـری تێـدا کۆکرایـەوە کـە ئێسـتە بـووە بـە ناحیـەی ڕزگاری.

ئەمــە ســەبارەت بــە گوندنیشــینان، ئەوانــەی لەنــاو شــار بــوون ئــەو شــوێنەی بــۆی ڕادەگوێــزران بــۆ خۆیــان دیاریــان دەکــرد واتــە بــۆ باشــوور یــان ســلێمانی یــان هەولێــر و تەنانــەت دەیــان توانــی لەنــاو شــاریش نیشــتەجێبن، هــەر لەبەرئەمەشــە لــە ئێســتەدا شـێوەزارەکانی کەرکـووک پەرشـوبڵاون و دیاریکردنیـان زۆر ئاڵــۆزە و ناتوانرێــت سەداســەد دیــاری بکرێــت.

٤/٢) گۆڕان لە زماندا (Language Change):

١/٤/٢) زاراوە و چەمک:

زاراوەی گـۆڕان لـە ئینگلیـزی لەبەرامبـەر وشـەی (Change) دێـت، لـە زمانـی عەرەبیـدا بەرامبـەر (التغییـر) دێـت، لـە فارسیشـدا بەهەمـان شـێوەی زمانـی عەرەبـی زاراوەی (تغییـر) ی بـۆ بـەکار هاتـووە.

گـۆڕانــی زمانــی "لــە زمانــی مێژوویــیــدا، زاراوەیەکــی گشـتییە، ئامـاژە بـەو گۆڕانانـە دەکات، کـە لەنـاو زمانێکـدا بــە ماوەیەکــی درێژخایــەن هەســتی پێدەکرێــت، وەکــوو پرۆســەیەکی جیهانــی و بــەردەوام دەبینرێــت، ئــەم دیــاردە زمانییــە بــۆ یەکەمجــار لــە کۆتایــی ســەدەی هــەژدەم زمانەوانــە بــەراوردکارەکان لێیــان کۆڵییــەوە"(Crystal, ٢٠٠٨: ٢٦٦-٢٦٧)، بـەڵام لـە سـەرەتادا گۆڕانـی زمانـی دانـی پێدانەدەنـرا و نەدەهێڵـرا لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت، تاکـوو سـەدەی بیسـتەم ولیـەم لابـۆڤ (١٩٢٧) پسـپۆڕی ئەمەریکـی لـە زمانەوانـی کۆمەڵایەتـی، کـە بەیەکێـک لـە پێشـەنگەکانی ئـەم بـوارە دادەنرێـت، بەشـێوەیەکی زۆر ورد مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکاریانـە کـرد کـە لـە ئاخاوتنـی خەڵـک بـەدی کـرد. (اتشســن، ٢٠١٦: ٣٢٢).

لـە سـەرچاوەکان زۆر بـە دەگمـەن باسـی گۆڕانـی زار و شـێوەزارەکان کـراوە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا زار و شـێوەزارەکانیش بەهەمــان شــێوەی زمــان دەگۆڕێــن، واتــە دەتوانیــن ئــەوەی ســەبارەت بــە گۆڕانــی زمــان وتومانــە بــۆ زار و شــێوەزاریش بیڵێیــن، چونکــە خــۆی لــە خۆیــدا هــەر شــێوەزارە دەبــێ بــە زار و زاریشــە دەبــێ بــە زمــان، هیــچ زمانێــک نییــە زار و شــێوەزاری ناوچەیــی نەبــێ و لقــی لــێ نەبوبێتــەوە، زار و شــێوەزار ئەگــەر جیــاوازی لــە نێوانیــان نەبێــت نابــن بــە زار و شــێوەزاری جیــاواز، کەواتــە ئــەو زار و شــێوەزارانەش کــە لــە شــوێنێک دەگەنــە یــەک، کاریگــەری دەخەنــە ســەر یەکتـر، ئـەو کاریگەریـەش سـەرەتای دروسـتبوونی گۆڕانـە، جـا بەهـۆی دراوسـێیەتی شـێوەزارەکان یـان کـۆچ و ڕاگواسـتنی بـە کۆمــەڵ بێــت بــە هــۆکارە جیــاوازەکان.

داڤیـد کریسـتاڵ لـە کتێبـی (A Little Book of Language) دا دەڵــێ: "زارەکان هەمیشــە لــە گۆڕانــدان و، هەندێکجــار ئــەو وشــانەی گەنجــەکان بــە کاریدەهێنــن جیــاوازن لــەو وشــانەی کــە بــە تەمەنــەکان بــە کاریدەهێنــن، هەروەهــا شــێوەزارەکان شــێوازی جیــاوازی ڕێزمانیــان هەیــە" (Crystal, ٢٠١٠: ٧٢)، هەروەهــا لــە شــوێنێکی تریشــدا دەڵــێ: "شــێوەی ئاخاوتنــمان بــە تێپەڕبوونــی کات دەگۆڕێــت، بەپێــی ئــەوەی لــە کــوێ ژیاویــن و لەگــەڵ کــێ قســە دەکەیــن" (Crystal, ٢٠١٠: ٧٤)، واتــە کاتێــک کەســێک بۆماوەیەکــی زۆر لــە شــوێنێک دەژی کــە بــە هەمــان شــێوەی ئــەو قســە ناکــەن بەپێـی تێپەڕبوونـی کات کاریگـەری دەکەوێتـە سـەر و شـێوەی قســەکردنی دەگۆڕێــت، جــا چەنــد ماوەکــە درێژتــر بێــت ئەوەنـدە کاریگەریەکـە زیاتـر دەبێـت و گـۆڕان زیاتـر دەبێـت لەگـەڵ زمانـە ڕەسـەنەکەی خۆیـی و کەمـتر دەبێـت لەگـەڵ ئــەو کۆمەڵگەیــەی تیایــدا دەژی.

ئـەم کاریگەریـە زۆر جاریـش هۆکارێکـە بـۆ "دروسـتبوونی زاری نـوێ لـە ئەنجامـی تێکەڵبوونـی زار لـە کۆمەڵگەیەکـدا، کــە لــە ئاخێوەرانــی دیکــەی هەمــان زمــان دابــڕاوە، بــۆ نموونــە، نیوزلەنــدا دانیشــتوانێکی زۆری هەبــوو، کــە بــە جـۆرە جیاوازەکانـی ئینگلیـزی قسـەیان دەکـرد، ئەمـەش بـووە هــۆی تێکەڵبوونــی شــێوەزارەکان، لــە کۆتاییــدا بــووە هــۆی دروسـتبوونی کۆمەڵگەیەکـی نوێـی ئاخاوتـن و دروسـتبوونی شـێوەزارێکی نوێـی ئینگلیـزی بـە نـاوی ئینگلیـزی نوێـی نیوزلەنــدا" (Baxter and others, ٢٠٠٩: ٢٦٢)، واتــە

تێکەڵبوونــی دانیشــتوانی دوو شــێوەزار یــان زاری جیــاواز یــان بەریەککەوتنیــان لەگــەڵ ئــەوەی هــۆکارن بــۆ گۆڕانــی شــێوەزارەکانیان دەکرێــت هۆکارێکــی ســەرەتایی بێــت بــۆ دروســتبوونی شــێوەزاری نــوێ.

٢/٤/٢) گۆڕان لە ئاستەکانی زمان:

گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زمان ڕوو دەدات:

١/٢/٤/٢) ئاسـتی دەنگسـازی: ئـەم ئاسـتە "یەکێکـە لـەو ئاسـتانەی کـە زیاتـر لـە ئاسـتەکانی تـر دەگـۆڕێ و زۆرتریـش هەسـتی پیدەکرێ"(فتـاح، ٢٠١١: ١١٩)، کەواتـە گـۆڕان لـەم ئاسـتەوە دەسـت پێـدەکات، بـۆ نموونـە زۆر جـار لـە نێـوان شـێوەزارەکان تەنیـا دەنگێـک دەگۆڕێـت:

شێوەزاری کەرکووک: عەرز، پا، پێخەنین...

شێوەزاری هەولێر: عەرد، پێ، پێکەنین...

هەروەهــا لــە دیــاردە فۆنۆلۆجیەکانــی تریشــدا لــە (جێگۆڕکێـی دەنـگ، پەیدابوونـی دەنـگ، سـوانی دەنـگ، گونجانـی دەنـگ) گـۆڕان بـەدی دەکرێـت، وەکـوو (تـەرزە - تـەزرە، خـودا – خوا،...هتـد).

یــان زۆر جــار بــە کەمکردنــی تەنیــا دەنگێــک لــە شــێوەزارێکی تــر واتــا دەگۆڕێــت، وەکــوو (ددان - دان، ســەد – ســە).

٢/٢/٤/٢) ئاسـتی ڕێزمـان: گـۆڕان لـەم ئاستەدا کەمـترە وەک لەئاسـتی دەنگسـازی، کـە لـە "ئاسـتی مۆرفۆلۆجیـدا گـۆڕان زیاتـر لـە گیرەکەکانـدا دەردەکەوێـت، بـە واتـای ئـەوە گیرەکەکانـی زمـان زیاتـر لـە بناغـە و ڕەگ دەگۆڕێـن، فەرهەنگــی وشــەی زمانیــش بــەردەوام لــە گۆڕاندایــە" (خالیـد و محەمـەد، ٢٠١٩: ٦٢)، لـە نێـوان شـێوەزارەکاندا گۆڕانێکـی زۆری وشـەی بەرچـاو دەکـەوێ، وەکـوو:

شێوەزاری کەرکووک: من، لووت، قازان، قاچ،...

شێوەزاری هەولێر: ئەمن، کەپو، مەنجەر، لاق،...

هەروەهــا "گۆڕانــی زمانەوانــی بــە دەگمــەن دەســت لــە لایەنــی پێکهاتەیــی دەدات، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا زمانــەکان لێــی بێبەرینیــن" (مۆمــن، ٢٠٠٥: ٧٧)، لــە زمانــی کوردیشـدا گـۆڕان لـەم ئاسـتە بـە کەمـی بەرچـاو دەکـەوێ، بــۆ نموونــە: تایبەتمەندییەکــی زمانــی شــێوەزاری کەرکــووک کاتێــک دیارخــراو بــە کۆنســنانت کۆتایــی هاتبێــت ئــەوا (ی) خستنەســەر دەرناکەوێــت. (ئەحمــەد، ٢٠١٥:٧٤)، وەکــوو:

شێوەزاری کەرکووک: ماڵ نازدار لە کوێیە؟

شێوەزاری هەولێر: ماری نازداری لە کێندەرێیە؟

٣/٢/٤/٢) ئاسـتی واتـا: لـەم ئاسـتە گـۆڕان "خـاو و وردە وردەیـە، بـۆ نموونـە گۆڕینـی واتـای وشـەیەک لەنـاکاو و خێـرا ڕوونـادات، بەڵکـو کاتێکـی زۆری دەوێـت و بـەزۆری بـە شـێوەی وردە وردە ڕوو دەدات"(الضامـن ١٩٨٩، ١٥٣)، هەروەهـا "هەندێجـار گۆڕانـی واتـا پێوەسـتە بـە گـۆڕان لـە ئاسـتەکانی تـری زمـان، واتـا گـۆڕان لـە ئاسـتێکی تـری زمــان دەبێتــە هــۆی گــۆڕان لــە واتــا" (سـلێمان، ٢٠١٤: ٣٠).

٣/٤/٢) هۆیەکانی گۆڕانی زمان و شێوەزار:

١/٣/٤/٢) هــۆی سیاســی: دەســەڵاتی سیاســی ڕۆڵ دەبینــێ لــە گۆڕانــی زمــان و شــێوەزار، واتــە کاتــێ دەســەڵاتێک دێتــە ســەر حوکــم دەتوانــێ شــێوەزارێک زەق بکاتــەوە و بیــکات بــە شــێوەزاری فەرمــی، بــۆ نموونـە "کاتـێ کـە میرنشـینی بادینـان لەسـەر دەسـەڵات بـوون، کـە بـە کرمانجـی ژووروو قسـەیان دەکـرد شـیعر و نوسراوەکانیـان بـەزۆری بـەو زارەیە"(خالیـد و محەمـەد، ٢٠١٩: ٥٦-٥٧)، ئەمــەش لەگــەڵ تێپەڕینــی کات و بــەکار هێنانــی ئــەو شــێوەزارە دەبێتــە هــۆی گۆڕانــی شــێوەی ئاخاوتنــی ئــەو خەڵکــەی بــە شــێوەزاری جیــا دەدوێــن، یــان کاریگەربــوون پێیــان وا دەکات لاســایی هەمــوو هەڵســوکەوت و تەنانــەت زمانیشــیان بکەنــەوە.

٢/٣/٤/٢) هــۆی کۆمەڵایەتــی: ئەمــەش یەکێکــە لــەو هــۆکارە گرنگانــەی کــە دەبێتــە هــۆی گۆڕانــی زمــان و زارەکان، ئەویـش بەهـۆی "کارتێکردنـی زمانـی نـوێ یـان دیالێکتـی تـری زمانەکـە بەهـۆی تێکـەڵاوی قسـەکەرانەوە، لێککەوتنـی دوو زمـان یـان زاری زمانێـک دەبێتـە هـۆی خواسـتن، کـە کار دەکاتـە سـەر هەمـوو ئاستەکانی زمانەکـە و دەبێتــە هــۆی زمــان گــۆڕان" (فتــاح، ٢٠١١: ١٣١)، واتــە دوو زمــان، زار، شــێوەزاری جیــاواز لــە کۆمەڵگەیەکدابــن بێگومــان کاریگــەری لەســەر یــەک دروســت دەکــەن و

پـاش ماوەیـەک هەسـت بـە گۆڕانـکاری دەکـەی لـە ئاخاوتنـی تاکەکانـی کۆمەڵگـە.

٣/٣/٤/٢) هــۆی جوگرافــی: ئەویــش بــەدوو شــێوە کاریگەریەکــەی دەردەکەوێــت:

أ- هـەر زار و شـێوەزارێک جوگرافیایەکی تایبەتـی خـۆی هەیـە، جـا " ڕاگواسـتن و کۆچپێکردنـی نەتەوەیـەک بـۆ شـوێنێک، کـە زمانیـان جیاوازبێـت لـە زمانـی دانیشـتوانی ڕەسـەن، دەبێتـە هـۆی گۆڕانـی زمان"(سـلێمان، ٢٠١٤: ٢٧)، بـۆ نموونـە: کاتێـک ڕژێمـی بەعسـی پێشـوو هەڵسا بـە ڕاگواسـتنی خەڵکـی کەرکـووک بـۆ هەولێـر، بـۆ کۆمەڵگـەی دارەتـوو و بنەسـڵاوە...هتد و لـەو کۆمەڵگەیانـە جێگیـری کـردن و بـە هەمـان شـێوە خەڵکـی ناوچەکـەش کەخەڵکـی هەولێـر بـوون تێـدا نیشـتەجێکرد، لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات خەڵکەکـە تێکەڵبـوون هـەم بـوون بـە دراوسـێی یەکتر و هـەم ئیش و کار و تێکەڵبوونی خێزانـی لـە نێوانیـان دروسـتبوو لەگـەڵ ئەمـە شـێوەزاری ئـەو خەڵکـەی لـە کەرکـووک هاتبـوون کەوتـە ژێـر کاریگـەری شـێوەی ئاخاوتنـی خەڵکـە ڕەسـەنەکەی هەولێـر، شـێوەی ئاخاوتنیـان بـە ڕێژەیەکـی زۆر گۆڕانـی بەسـەردا هـات، بێگومـان ئـەوەی وتمـان پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە.

ب- دراوسـێیەتی: کاتێـک دوو زار یـا شـێوەزار لـە شـوێنێکی دیاریکـراوی جوگرافـی بـە یەکدەگـەن ئـەو دوو شـێوەزارە کاریگـەری لەسـەر یـەک دادەنێـن، بەمەرجێـک بەربەسـتی سـەختی جوگرافـی لـە نێوانیـان نەبـێ و هامووشـۆی بەهێـزی کۆمەڵایەتیـان هەبێـت، بۆنموونـە لـە کوردسـتان شـێوەزاری کەرکـووک و هەولێـر لەبـەر ئـەوەی ماوەیەکـی زۆرە لەمبـەر و ئەوبـەری زێـی بچـووک دراوسـێی یەکـن و هامووشـۆیەکی کۆمەڵایەتـی زۆر لەنێوانیانـدا هەیـە، هـەر دوو شـێوەزارەکە بەشـێوەیەکی بەرچـاو کەرەسـەیان لەیـەک وەرگرتـووە بەمـەش گۆڕانیـان بەسـەردا هاتـووە بـە بـەراورد بـە شـێوەزاری ڕەسـەنی خۆیـان.

٤/٣/٤/٢) هــۆی ڕۆشـنبیری: کاریگـەری گەلێـک بـە ڕۆشـنبیری گەلێکیـتر هـۆکارە بـۆ گۆڕانـی شـێوەزارەکەیان، چونکـە کاتێـک پلـەی کاریگـەری زۆر بـوو بـە تایبەتیـش نووسـەران و ئەدیبـان، جـا شـێوەزارەکە لـە نووسـینەکەیان ڕەنگدەداتـەوە و تەنانـەت وای لـێ دێـت وشـە و شـێوازی داڕشـتنیان و...هتـد بـەکار بهێننـەوە تـا بەتێپەڕبوونـی کات زۆربـەی زۆری کۆمەڵگـە دەگرێتـەوە.

٥/٣/٤/٢) هــۆی ڕاگەیانــدن: ڕاگەیانــدن "بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە، دەسـەڵاتێکی زۆری بەسـەر ژیانـی مرۆڤـەوە هەیـە، لـە پێـش هەمووشـیانەوە بەسـەر زمانـەوە، چونکـە دەچێتـە نـاو هەمـوو ماڵێکـەوە و بـە ئاسـانی کار لـە هـزر و فەرهەنگـی زمانـی وەرگـر دەکات"(جـراد، ٢٠١٣: ٣٦)، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی بەشـێکی زۆری ڕاگەیانـدن کارەکان ئــەو شــێوەزارە بــەکار دەهێنــن کــە بووەتــە زمانــی سـتاندارد یـان وەکـوو زمانـی سـتاندارد مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت و بەمــەش کاریگـەری دادەنێـت لەسـەر ئـەو کەسـانەی شـێوەزاریان جیـاوازە.

٦/٣/٤/٢) هـۆی پـەروەردە و فێرکـردن: زمانـی نووسـین واتـا ئـەو زمانـەی هـەر تاکێـک لـە منداڵییـەوە تاکـوو گەنجـی لـە خوێندنـگاکان بەکاریدەهێنـێ، ئـەو تەمەنـەش هەسـتیارترین تەمەنـە بـۆ گۆڕانـی زمانـی کەسـێک، بۆیـە خوێنـدن بـە شـێوەزارێک کـە بـووە بـە زمانـی سـتاندارد، کاریگـەری دەکاتـە سـەر ئـەو کەسـانەی کـە شـێوەزاریان جیایـە لـەو شـێوەزارەی کـراوە بـە سـتاندارد.

٧/٣/٤/٢) هــۆی ئــارەزووی کەســی: ئــەم هــۆکارە کاتێـک ڕوو دەدات کـە کۆمەڵـە خەڵکێـک لـە شـوێنی ڕەسـەنی خۆیـان نەبـن و لـە ناوچەیەکـی تـری زمـان جیـاواز نیشـتەجێبوبن، بـەو هۆیـەوە تاکـەکان بـۆ ڕایـی کردنـی کاروباریـان یـان گونجانیـان یـان بـۆ مەسـڵەحەت و خۆبردنەپێشــەوە یــان کاریگەربــوون بــەو شــێوەزارە بێـت، "هەڵدەسـتن بـە کەمکردنـەوەی جیـاوازی لەنێـوان شــێوازی ئاخاوتنیــان بــە وەرگرتنــی تایبەتمەنــدی لــە ئاخاوتنـی یەکـتر، جـا ئاخێـوەر کـە زۆر جـار شـێوازێکی بـەکار هێنـا، ئـەوا بـە ڕێژەیەکـی زۆر ئـەم بـەکار هێنانـە دەبێتـە هەمیشـەیی"(Trudgill, ١٩٨٦: ٣٩)، بـۆ نموونـە زۆر جـار لەکاتـی پێوەسـتبوون بـە کەسـێک یـان ناوچەیەکـی شـێوەزار جیـاواز تاکـەکان بـە ئـارەزوو هەوڵـی فێربوونـی شـێوەزاری ئـەو کەسـە یـان ئـەو ناوچەیـە دەدەن و لــە ئاخاوتنیــان وشــە و زاراوە و...هتــد ئــەوان بــەکار

دەهێننـەوە و تێکـەڵ بـە ئاخاوتنەکانیـان دەکـەن.


هـەر هۆیـەک لـەم هۆیانـەی سـەرەوە بەشـێوەیەک کاریگەریـان هەیـە لەسـەر گۆڕانـی شـێوەزار، لای ئـەو کەسـانەی کـە لـە ژینگـەی زمانـی و کۆمەڵایەتـی ڕەسـەنی خۆیـان دابڕێنـدراون و تێکـەڵ بـە شـێوەزاری جیـا لـە شـێوەزاری خۆیـان بـوون، بێگومـان ئـەم هۆیانـە بـە هەمـان شـێوەی شـێوەزارەکانی تـر کاریگەرییـان خستووەتە سـەر شـێوەزاری کەرکـووک و هەمیش بێبـەش نەبـووە لـە گۆڕانـە زمانییـەکان.

٥/٢) شیکردنەوەی داتاکان:

لـەم توێژینەوەیـەدا سـێ تەمەنـی جیاوازمـان وەرگرتـووە و هەمـان ڕێـژەی کەسـمان وەرگرتـووە لـە کەرکـووک و هەولێـر، کـە وەڵامـی هەمـان پرسـیاریان داوەتـەوە، پرسیارەکانمان بـە دوو شـێوە کـردووە، بەشـێکیان بـە وێنـە و بەشـێکیان لـە نـاو ڕسـتە بـە بۆشـایی، زیاتـر هەوڵـمان داوە ئـەو وشـانە وەربگریـن کـە جیـاوازن لـە شـێوەزارەکانیتر، چونکـە ئەگـەر وشـە و دەسـتەواژەکان جیـاواز نەبـێ ناتوانیـن ڕێـژەی گـۆڕان دیاریبکەیـن، جـا جیاوازیەکانمـان بەپێـی ئاسـتەکان هەڵبـژاردووە و ئەنجامەکانمـان بـە شـێوەیەکی گشـتی دەرهێنـاوە و بـۆ ئەمـەش سـودمان لـە بەرنامـەی ئێکسـڵ (Excel) وەرگرتـووە گۆڕانکارییـەکان بەپێـی تەمـەن بەشـێوەی هێڵـکاری خراونەتـە ڕوو:


١- ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (١٠ – ٢٠) ساڵە:

بـۆ ئـەو تەمەنـە (١٢) کەسـمان لـە کەرکـووک و (١٢) کەسیشـمان لـە هەولێـر بـە نموونـە وەرگرتـووە و لەگـەڵ یەکـتر بەراوردمـان کـردووە، وەک لـەو هێڵکاریـەی خـوارەوەدا دیـارە:




هێڵـکاری ژمـارە ١ ڕێـژەی سـەدی گـۆڕاو و نەگـۆڕاوی ئاخێوەرانـی کەرکـووک

گـەر سـەرنج بدەینـە ئـەم ئامـارەی سـەرەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە ڕێـژەی ئـەو گۆڕانکاریيانـەی بەسـەر شـێوەی ئاخاوتنـی دانیشـتوانی کەرکـووک داهاتـووە ئەوانـەی تەمەنیـان لەنێـوان (١٠ بـۆ ٢٠ ساڵ)ـە دەکاتـە (٤,٣٣٪)ە، کەچـی ئەوانـەی شـێوەی ئاخاوتنیـان پاراسـتووە ڕێژەکـەی (٩٥,٦٧٪)، واتـە گۆڕانکارییەکـی ئاسـاییە، چونکـە زمـان و شـێوەی ئاخاوتنـی هەمـوو مرۆڤێـک لەکاتـی ئاساییدا لەگـەڵ بەسـەر چونـی کات گۆڕانـکاری بەسـەردادێت، ئەویـش بـە ڕێژەیەکـی کـەم و لەسـەرەخۆ ڕوو دەدات.





هێڵـکاری ژمـارە ٢ ڕێـژەی سـەدی گـۆڕاو و نەگـۆڕاوی ئاخێوەرانـی هەولێـر/ دارەتـوو

لـە هێڵـکاری ژمـارە (٢)دا ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە، منـداڵ و نـەوەی ئـەو کەسـانەی کـە ڕاگوێـزراون بـە بـەراورد بـە ئەوانـەی لـە کەرکووکـن بـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو گۆڕانکارییـان بەسـەردا هاتـووە، لەبـەر ئـەوەی ژینگـەی زمانـی، کۆمەڵایەتـی و خوێنـدن ڕۆڵـی بەرچـاو دەبینـێ لـە چۆنیەتـی وەرگرتنـی زمـان و گۆڕانـی زمانـی، بەوهۆیـەوە ئـەو منداڵانـەش، کـە لەژینگەیەکـی جیـاواز گەورەبـوون و لـەدەرەوە لەگـەڵ منداڵـی تـر تێکـەڵ دەبـن، کـە بـە هەمـان شـێوەزاری ئـەوان قسـەناکەن و لـە ژینگـەی ڕەسـەنی زمانـی خۆیـان دورن، بۆیـە بـە شـێوەیەکی خودکارانـە (ئۆتۆماتیکـی) شـێوەی قسـەکردنیان تێکـەڵ بـە وشـە و زاراوەی شـێوەزارەکانیتر بەتایبـەت شـێوەزاری دەشـتی هەولێـر دەبێـت، بۆنموونـە بەپێـی ئـەو توێژینەوەیـەی کـە ئێمـە لـە شـارۆچکەی دارەتـوو و کەرکـووک ئەنجامـمان داوە، ڕێـژەی سـەدی گـۆڕان لـە هەولێـر (٧١,٨٣٣٪)یـە، کەواتـە ڕێـژەی گـۆڕان لەنـاو منداڵانـدا لـە لووتکەدایـە، دەتوانیـن هـۆکاری ئەمـەش بـۆ ئـەوە بگەڕێنینـەوە، یەکـەم: کـە لـە کۆمەڵگـەی دارەتـوو خەڵکـی هەولێـر و کەرکـووک

زۆر تێکەڵبـــوون و منداڵـــەکان زیاتـــر لـــەدەرەوە بەیەکـــەوە یـــاری دەکـــەن و لـــە قوتابخانـــە کاتێکـــی زیاتـــر لەگـــەڵ یەکـتر بەســـەر دەبـــەن وەک لەماڵـــەوە، دووەم: شـــێوەزاری یـــەک زارن لەبـــەر ئـــەوە مـــاوەی نـــاوێ بـــۆ فێربـــوون و بـــە ئاسـایی بەکاریدێنـن و بەپێـی تێپەڕبوونـی کات دەبێتـە هەمیشـەیی، زۆر جاریـش وشـەیەک لـە نێوانـی هـەردوو شـێوەزارەکە دروسـت دەبێـت، کەچـی لـە (٢٨,١٦٧٪) پارێزگەریـان لـە شـێوەزاری خۆیـان کـردووە.


٢- ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٠ – ٣٥) ساڵە:

لـەم تەمەنـەش (١٢) کەسـمان لـە کەرکـووک و (١٢) کەسیشـمان لـە هەولێـر بـە نموونـە وەرگرتـووە، گۆڕانکارییـەکان بـەم شـێوەیەیە کـە لـەم هێڵکارییانـەدا خراوەتـە ڕوو:




هێڵـکاری ژمـارە ٣ ڕێـژەی سـەدی گـۆڕاو و نەگـۆڕاوی ئاخێوەرانـی کەرکـووک

لـە هێڵـکاری ژمـارە (٣) دا، بەپێـی ئامـارەکان ڕێـژەی ئـەو کەسـانەی شـێوەزاریان گۆڕانییـان بەسـەردا نەهاتـووە لـە کەرکـووک (٩٧٪) و ئـەو کەسـانەی گۆڕانیـان بەسـەردا هاتـووە (٣٪)یـە، کەواتـە گـۆڕان پڕۆسـەیەکی هەمیشـەییە.





هێڵـکاری ژمـارە ٤ ڕێـژەی سـەدی گـۆڕاو و نەگـۆڕاوی ئاخێوەرانـی هەولێـر/ دارەتـوو

لـە هێڵـکاری ژمـارە (٤)دا، بەپێـی ئـەو ڕاپرسـیەی کـە ئەنجامـمان داوە ڕێـژەی گۆڕانـی زمانـی لـە تەمەنـی (٢٠ – ٣٥) لـە شـارۆچکەی دارەتـوو (٦١٪)ە، بەڕێژەیەکـی بەرچـاو گـۆڕان بەسـەر شـێوازی قسـەکردنی ئـەو کەسـانەدا هاتـووە، کـە لـە دارەتـوون بەبـەراورد بەوانـەی لـە کەرکـووک نیشـتەجێن، لەبـەر ئـەوەی بەشـێوەیەکی گشـتی بەشداربووانی ڕاپرسـیەکە تـەواوی ژیانیـان لـە هەولێر/دارەتـوو بەسـەر بـردووە و هەموویـان زۆربـەی کاتـەکان لـە دەرەوەن، چونکـە یـان قوتابیـن یـان خـاوەن کار و پیشـەی جیـاوازن و لـە دەرەوە تێکـەڵ بـە شـێوەزارە جیـاوازەکان دەبـن و بـە تێپەڕبوونـی کات زیاتـر گـۆڕان بەسـەر شـێوەزاریاندا هاتـووە و کاریگـەری لەسـەریان دروسـت کـردووە، کەواتـە ئـەو ژینگەیـەی تێیـدا دەژی ڕۆڵێکـی بەرچـاو دەبینێـت لـە گۆڕانـی زمـان و شـێوەزارەکان، کەچـی لـە (٣٩٪) پارێزگەریـان لـە شـێوەزاری خۆیـان کـردووە.


٣- ئەو کەسانەی تەمەنیان (٣٥+) ساڵە:

لـەم گرووپـی تەمەنەشـدا بـە هەمـان شـێوەی گرووپەکانـی تـر (١٢) کـەس لـە کەرکـووک و (١٢)ش لـە هەولێـر بەشدارییان کـردووە، ڕێـژەی سـەدی گۆڕانـەکان لـەو هێڵکارییانـەی خـوارەوەدا دیـاری کـراوە:




هێڵـکاری ژمـارە ٥ ڕێـژەی سـەدی گـۆڕاو و نەگـۆڕاوی ئاخێوەرانـی کەرکـووک

ئەگـەر سـەرنج بدەینـە ئامارەکانـی ئـەو هێڵکاریـەی سـەرەوە لەکەرکـووک ئـەو کەسـانەی گـۆڕان بەسـەر شـێوەزارەکانیان داهاتـووە (٣,٥٠٠٪)یـە، لەکاتێکـدا ئـەو کەسـانەی شـێوەزاریان گۆڕانیـان بەسـەردا نەهاتـووە پارێزگەریـان لـە شـێوەزاری خۆیـان کـردووە (٩٦,٥٠٠٪) یـە.




هێڵکاری ژمارە ٦ ڕێژەی سەدی گۆڕاو و نەگۆڕاوی ئاخێوەرانی هەولێر/ دارەتوو

لەم هێڵکاریەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە تەمەنی (٣٥+) بەبەراورد بە تەمەنەکانیتر شێوەزارەکەیان زۆر کەمتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەجۆرێک ڕێژەی گۆڕان لە شارۆچکەی دارەتوو (٣١,٧٥٠٪)ە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەم تەمەنەدا بەتایبەت ئافرەتەکان زۆربەیان لە ماڵەوەن و کار ناکەن، بۆیە کەمتر تێکەڵاوی ژینگەی دەرەوە بوون و کەمتر گۆڕان بەسەر شێوەزاریاندا هاتووە، ئەو ڕێژەیەی کە گۆڕاوە زیاتر ئەوانەن کە تەمەنیان زۆر نییە و تەمەنێکی زۆریان لە دارەتوو بەسەربردووە، بەڵام ڕێژەی سەدی ئەو کەسانەی نەگۆڕاون زۆر زیاترە بەشێوەیەک لە شارۆچکەی دارەتوو (٦٨,٢٥٠٪)یە، دەتوانین هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، چونکە بەشێکی زۆری ژیانیان لە کەرکووک بەسەر بردووە و ناتوانن شێوەی قسەکردنیان بە ئاسانی بگۆڕن.

ئەنجام:

١- گۆڕانی شێوەزار بە هەمان شیوەی زمانەکان ڕوو دەدات و بەتایبەت لە گوندەکانی سنووری دوو شێوەزار یان ئەو کۆمەڵگەیانەی زیاتر لە شێوەزارێکیان تێدایە.

٢- گۆڕان لەناو منداڵاندا لە هەموو تەمەنەکانیتر زیاتر ڕوو دەدات، لەبەر ئەوەی منداڵان لە ڕێگەی گوێگرتن و لاساییکردنەوە فێردەبن بۆیە هەرشتێک کە گوێیان لێدەبێ بە نائاگایی بەکاریدەهێننەوە، بەتایبەت ئەگەر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و زمانیە ڕەسەنەکەی خۆیان گەورە نەبووبن.

٣- لەناو گەنجانیشدا گۆڕان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو دەدات، چونکە زۆربەی تەمەنیان لە ژینگەیەکی زمانی جیا بەسەربردوە و کاریگەری شێوەزارەکانیتریان بەسەرەوەیە.

٤- هەروەها گۆڕان لە ناو بەتەمەنەکان بە ڕێژەیەکی یەکجار کەم ڕوو دەدات، بە بەراورد بە تەمەنە جیاوازەکانیتر بەتایبەتیش ئەوانەی کە کارناکەن و زۆرترین کاتەکانی ژیانیان لە ماڵەوە بەسەردەبەن و بەشێوەیەکی بەرچاوتریش لەنێو ئافرەتان.

پەراوێز:

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە)فوئاد حەمە خورشید، ٢٠٠٨، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، لاپەڕە (٤١) وجەمال نەبەز، (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، لاپەڕە (٢٢) (و)نامەی ماستەری (پ.ی.د.عاطف عبداللە فرهادی) بە ناونیشانی (فێرکردنی زمانی کوردی لەسەر بنچینەی پاوەرپۆینت) لاپەڕە (١ – ١٢).

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نامەی ماستەری (ئاکۆ نجمالدین عبدالرحمن)، بە ناونیشانی (دیاردەی مۆرفۆفۆنیمی شێوەزاری ماچۆ لەسنووری شاری کەرکووکدا).

سەرچاوەکان:
کوردی:
١. خورشـید، فوئـاد حەمـە، ٢٠٠٨، زمانـی کـوردی و دیالێکتەکانـی، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی: دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم.
٢. شـوانی، ڕەفیـق، (٢٠٠٩)، زمانەوانـی (کۆمەڵێـک وتـار)، چاپـی یەکـەم، دهـۆک: چاپخانـەی خانـی.
٣. شـوانی، ڕەفیـق، (٢٠٠٩)، ڕێزمانـی زاری شـوان، چاپـی یەکـەم، هەولێـر.
٤. شوانی، ڕەفیـق، (٢٠٠١)، چەنـد بابەتێکی زمـان و ڕێزمانـی کـوردی، چاپـی یەکـەم، هەولێـر: چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە.
٥. شوانی، محمـد، (٢٠٢١)، کۆمەڵگـەی لادێیـی لـە باشـووری کوردسـتان (قـەزای دوبـز بـە نموونـە)، بەرگـی یەکـەم، هەولێر: چاپخانـەی منـارە.
٦. فتـاح، محمـد معـروف، (٢٠١١)، زمانەوانـی، چاپـی سـێیەم، هەولێـر.
٧. محەمـەد، مراد حەکیـم، (٢٠٠٣)، ئاکامە کۆکۆمەڵایەتییەکانی سیاسـەتی ڕاگواسـتنی کـورد لـە عێـڕاق لە سـەردەمی بەعسـدا، نامـەی ماسـتەر، زانکۆی سـەڵاحەدین، کۆلێـژی ئاداب.
٨. مینـە، ئەمیـن قـادر، (١٩٩٩)، ئەمنـی سـتراتیجی عێـراق و سـێکوچکەی بەعسـیان(تەرحیل، تەعریـب، تەبعیـس)، چاپـی دوەم: سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان.
٩. نەبـەز، جەمـال، (١٩٧٦)، زمانـی یەکگرتـووی کـوردی، بڵاوکـراوەی یەکێتـی نەتەوەیـی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا: ئەڵمانیـا.
نامەی ئەکادیمی:
١. ئەحمـەد، سـیروان سـمین، (٢٠١٥)، دروسـتەی سینتاکسـی لـە شـێوە ئاخاوتنـی ناوچـەی کەرکووکـدا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـلێمانی.
٢. جـراد، چۆڵـی ئەسـعەد، (٢٠١٣)، زمـان لـە ڕاگەیاندنـی بیـنراودا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـلێمانی.
٣. حوسـێن، سـەرکەوت عەبدوڵـڵا، (٢٠٠٨)، شـێوەزارەکانی کەرکـووک (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافـی زارە کوردییەکانـە)، نامـەی ماسـتەر، زانکۆی سـەڵاحەددین، کۆلێـژی پـەروەردە.
٤. سـلێمان، ئـازاد عەزیـز، (٢٠١٤)، ململانێـی زمـان (زمانـی کـوردی لـە ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بـە نموونـە)، نامـەی ماسـتەر، زانکۆی سـەڵاحەددین.
٥. عبدالرحمـن، ئاکـۆ نجمالدیـن، (٢٠٢٢)، دیـاردەی مۆرفۆفۆنیمـی شـێوەزاری ماچـۆ لەسـنووری شـاری کەرکووکـدا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی ڕاپەڕیـن، کۆلیـژی پـەروەردە - قـەڵادزێ.
٦. فەرهـادی، عاطـف عەبدوڵـڵا، (٢٠١١)، فێرکردنـی زمانـی کـوردی لەسـەر بنچینـەی پاوەرپۆینـت، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەڵاحەدین، هەولێـر.
گۆڤار:
١. خالیـد، سـارا حوسـێن، محەمـەد، ئەمیـر مسـتۆ، (٢٠١٩)، گـۆڕان لـە زمانـدا، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (٤٣)، هەولێـر: چاپخانـەی زانکـۆی سـەڵاحەددین.
عەرەبی:
١. اتشسـن، جیـن، (٢٠١٦)، اللسـانیات مقدمـة الـی مقدمـات، ت،عبدالکریـم محمـد جبـل، الطبعـة الاولـی، قاهـرة: المرکـز القومـي للترجمـة.
٢. الضامـن، حاتـم صالـح، (١٩٨٩)، علـم اللغـة، الطبعـة الاولـی، وزارة التعلیـم العالـی والبحـث العلمـي، بغـداد: بیـت الحکمـة.
٣. مؤمـن، احمـد، (٢٠٠٥)، اللسـانیات النشـأت والتطـور، الطبعـة الثانیـة، الجزائیـر: دیـوان المطبوعـات الجامعـة.
English:
1. Crystal, David, (2008), A Dictionary of Linguistics, Sixth Edition, Blackwell Publishing.
2. Crystal, David, (2010), A Little Book of Language, First Published, London: Yale University Press.
- Research:
1. Baxter, Gareth J., Blythe, Richard A., Croft, William, Mckane, Alan J. (2009), Modeling Language Change: An evaluation of Trudgill's theory of the emergence of New Zealand English, Language Variation and Change, 21: 257-296, U.S.A: Cambridge University Press.
2. Trudgill, Peter, (1986), Dialect in Contact, New York.

چاوپێکەوتن:
١. ڕمضـان، سـیامەند خـدر، فەرمانبـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی شـارەوانی دارەتـوو، ٢٠٢٢/٢/١٥.
٢. عەلی زەنگەنە، عومەر حاجی، نوسەر، ٢٠٢٢/٧/٢٢.
٣. کاکەیی، هەردەوێڵ، نوسەر و فۆلکلۆریست، ٢٠٢٢/٧/٢٢.
٤. کارێـزی، طـارق، بەڕێوەبـەری کتێبخانـەی کارێـز نوسـەر و ڕۆژنامەنـووس، ٢٠٢٢/٥/١٣.

**ملخص**

في هـذا البحـث المتواضـع، نحـاول ان نسـلط الضـوء، عـلى تأثـير المجتمعـات القسريـة، عـلى تغيـير اللهجـات, علـى سـبيل المثـال، تغيـير لهجـة محافظـة كركـوك، وذلـك لان محافظـة كركـوك، احـد اماكـن الكورديـة، التـي تعرضـت عـلى نطـاق واسـع خـلال الحكومـات العراقيـة المتعاقبـة للترحيـل والدمـار، وقـد أثـرت نـزوح النـاس الى مجمعـات القسريـة في مناطـق واجـزاء اخـرى مـن كوردسـتان والعـراق، عـلى لغـة التواصـل لديهـم، ومـن أكثرهـم وضوحـا وتأثـيرا عليهـم، هـم أطفـال هـذه المجمعـات.
وقـد حاولنـا في هـذا البحـث، تسـليط الضـوء عـلى التغييـرات، وذلـك مـن خـلال مقارنـة بـين ابنـاء هـذه المحافظـة، الذيـن بقـوا بداخلهـا وفي ضواحيهـا، مـع الذيـن نزحوهـا، ولتبيطـق بحثنـا، تحدثنـا عـن مجمـع دارەتـوو في اربيـل، وذلـك اولا، لان سـكانها مـن اهـالي كركـوك، وثانيـا، لان كركـوك هنـاک عـدة لهجـة مختلفـة، ولانـه مـن الصعـب في مثـل هـذا البحـث، ان نتنـاول عـن جميعهـم، لهـذا سـنتحدث فقـط عـن المنطقـة الصالحيـة.
الكلمات مفتاحية: المجتمعات القسرية، التغيير اللغة، لهجة كركوك.

## Abstract

In this research we try to shed light on effects of coercive societies on changing the dialects. We took Kirkukian dialect as an example, because province of kirkuk is one of the places Kurdistan that has been widely faced displacement and forced migration during successive Iraqi regimes. Those displacements to other coercive societies of Kurdistan and Iraq affected the spoken language of the people, most notably among children.
In this research we try to put focus on these changes by comparing the dialects of Kirkuk's people who stayed in Kirkuk and it's surroundings with the Kirkukians who faced displacement. We took Daratw's society as an example. And because there are different dialects in Kirkuk. In a research like this it is not possible to take all the dialects. Therefore we only took "Sallaiy" as the example
Key words: Coercive societies, Language change, Kirkuk dialect.